# دەنگی پێی ئاو

بڵاوكردنەوەی هەمبانەبۆرینە



ناوی بەرهەم: دەنگی پێی ئاو
بابەت: شیعر
نووسەر: سوهراب سپێهری
وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی
چاپی یەكەم: 1989، دانمارك، چاپی دووەم: 1990، دانمارك، چاپی سێیەم: 2007، كوردستان، هەولێر.
تیراژ: 2000
ژمارەی سپاردن (   )ساڵی 2007
لەسەر ئەركی كتێبفرۆشی هەمبانەبۆرینە چاپكراوە

مافی چاپكردنەوە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە.

سوهراب سپێهری

# دەنگی پێی ئاو

وەرگێڕانی:

ڕێبوار سیوەیلی

کوردستان– 2007

پێڕست

وتەیەك ................................... ڕەزا ئەفشاری

پێشەکی .................................. ڕێبوار سیوەیلی

دەنگی پێی ئاو ..............................

پۆرترێت ..................................

سادەڕەنگ ................................

ڕۆشنایی، من، گوڵ و ئاو ................

پەیامێك بەرێوە ...........................

ناونیشان ................................

ئاو .......................................

کورتەیەك بۆ چاپی، سێیەم

## وتەیەك

لە دەروانێکی پڕ هات و هاواردا ،کە بابەتەکان لە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە دەنوسران و بڵاودەکرانەوە، بەناو رۆشنبیرەکانیش ساتێك بەلای سروودی بوون دا ئاوڕیان نەدەدایەوە – سوهراب سپێهری، شاعیرو هونەرمەندی بە توانای ئیران، وەك چیایەکی ئازاراوی لە داوی ئەم ڕاوەدا دەستی کردە قسە و لە ئاوابوونی خۆر دوا. بەسەر دەشتی ووشك بووی پڕ گوڵاڵە سوورەدا بارانی پڕ مانای داکرد.

سوهراب لەو رۆژگارەدا پەی بە رەمزی بازنەیی ئەبستراکتی سەوز بردبوو، کە وەك تەواوکەرێکی هەمیشەیی ماڵەکەی خۆی، خۆی دەنواند. ئەم بازنەیە وەك نیشانەی کامڵبوونی مرۆڤایەتی لە هونەری خۆرهەڵات و خۆرئاوادا خۆی دەنوێنێت. لە نزیك چەقی مەیدانی سووری ماڵەکەی ئەودا، گەورەترین ئەو بەردانە دەبینرێن کە وێنەی خواوەندی داییکی بەر لە مێژوویان بە شێوەیەکی تۆکمە و کۆمپوزسیۆنی لە سەر هەڵکەندراون. لێدانی دڵی ئۆرگانیزمیانەی ئەو، وەك بازنەیەکی لەیەك ئالاَو دێتە بەرچاو کە بۆشاییەکی بۆ چرکە میکانیەکان نەهێشتۆتەوە. خانووەکەی سوهراب بەهۆی یەکبەیەکی وشەکانیەوە لەوسەری دیکەی شەوگارەوە، وەك کاتیگۆریەکانی خۆرهەڵات خۆی دەنوێنێت. (لێرەدا، چەمکەکان



دەبنە شوێنی تێڕوانین و تێڕوانینەکانیش شوێنی چەمکەکان دەگرنەوە).

ماڵی سوهراب نەك تەنیا لە ماڵی هەر شاعیرێکی دیکەی هاوچەرخی ئێران زیاتر لەفەزایەکی مەعنەویدایە و گومبەزەکەی لە سەر چوار کۆڵەکەی تۆکمەو ڕەسەن وەستاوە"، ئەمە بێئەوەی کارەکانیشی فەلسەفاندنیان پێوە دیار بێت، بەڵکو جوانتر لە هەر هونەرمەندێکی هاوچەرخی ئیرانی، جگە لە چەند کەسانێك، قورسایی ڕەنگ و سێبەر و ڕۆشناییەکانی لە حەقیقەتی شینباوی دەریا و شەپۆلە ئاسمانیە میهرەبانەکان، لە ڕارەوی نێوان ئەفسوون و داهاتوودا بەرجەستە دەکرد. لەلای ئەو، ڕەنگ ڕازێکی سووورباوی نەمرە.خاتوو ئاینە لایافە دەڵێت: لە هونەری غەیرە مەسیحیدا، بەوجۆرە بازنانە دەگوترێت بازنەی خۆر، ئەمانە لە سەر بەردە هەڵکەندراوەکانی دەورانی بەردینی نوێ دەبینرێن و مێژوویان دەگەرێتەوە بۆ پێش پەیدابوونی دۆزینەوەی بازنە.

سوهراب ئەوەی سەلماند کە بۆچی خامۆشانە لەگەڵ شۆڕ و سەرسەوزی بەهار و بەروبوومی هاویناندا، سەرگەرمی کارکردن بوو، بەبێئەوەی هیچ گوێ بداتە هات و هاواری کۆمەڵێك تارمایی "هەندێ لە رەخنەگرانی هاوچەرخی ئیران"، کە ئەوانە بەهەموو بیرێشەیی و تاریکبینی خۆیانەوە، دەیانویست هەواری دۆستی ئەو بڕووخێنن!

فەلسەفەی مێژووی هونەر داوەرێکی گەورەیە، تەنانەت جیهانی بوون حەقیقەتی سوهرابی بۆ ئەوانەش سەلماند کە لەتەمەنی کورتی پیسی نێو ژووری بلّق ئاسایاندا، بالّۆرەیان لێدەدا.

بەقسەی مونشی کاشانی :

قصه غصه دراز است و نشد معْلوم
تا کجا می کشد این رشتهء طولانی
(چیرۆکی خەم درێژە و ئاشکرا نابێ
ئەم داوە درێژە تاکوێ دەگات)

کۆتری ڕۆح و نیگای تێروانینی بۆ ژیان بە وردی خۆی دەکات بە نێو جەوهەری ڕۆحی شاراوەی دیاردە و شتەکاندا. لێهاتوویی سوهراب تەنیا هەر لە وەدا نیە کەمتر قسان دەکات و زیاتر پیشانمان دەدات، بەڵکو لێهاتویی ئەو لە وەدایە، کە هەست و ئیدراك دەبەخشێتە وشەکان.

سوهراب سپێهری نەك هەر دوپاتی کردەوە هونەری ژیان ژیانی هونەرە و پەیوەندی ئەوە لەگەڵ جیهانی بووندا، بەڵکو ئەوەیشی سەلماند کە گەردوونی بەرین و لەیلای پڕ نهێنی و ڕەمزی جیهان، (مایا) ناتوانن بیر و هونەری ئەو لەیەك دابڕن. ئەو وێنەیەی کە سوهراب لە سەر خۆی دەیدات بە دەستەوە، ئەوی وەك شاعیرێکی



نەرویجی (تاریە ڤێسواس) ،کردۆتە بۆیەکی ئەفسانەیی. سوڵستا دەڵێت: "ئەفسانە مێژووی کەسێکە،کە بووبێتە مێژووی گشتی".

سوهراب خۆی لە جیهانی بووندا دۆزیوەتەوە و هەر ئەمەشە پاڵی پێوەناوە کە دەورانی گەردوون و هەموو بەندوباوە کۆنەکانی ئەم هێزە لە چوارچێوە خورافیەکەیدا بەهۆی هێزی لۆگۆسەوە کەوەك پاڵپشتێکی هونەر و بیر خۆی دەنوێنێت، بخاتە لاوە تاکو ڕەوتی بوون ئەزموون بکات، تاکو ئەودیوی زمان و سەمای ئەستێرەکان لەجیهانی مەزن و نەمردا بدۆزێتەوە .

بە گوتەی مەولانا:

عاقلان را یك اشاره بس بود
عاشقان را تشنگی زان کی رود؟
(بۆ هۆشمەندان تەنیا ئاماژەیەك بەسە
عاشقانیش کوا تینوێتیان دەشکێ؟)

شیعر و تابلۆکانی ئەم ئاواتارە کەلە ڕاستیدا هونەرمەندی شاعیرانی هاوچەرخی ئێرانیە، ئەوەی سەلماند و ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزیەتی کە ئەو نەیدەڕوانی بەڵکو دەیبینی: ئەگەرچی دەڵێت: "ئێمە هیچ!،ئێمە ڕوانین".

جێگەی ڕێز و خۆشحاڵیەکی زۆرە کە ڕۆشنبیرانی کورد گرنگی دەدەن بە شیعری هاوچەرخی ئیران. سوپاسی زۆریشم بۆ دۆست و شاعیری لاو ڕێبوار، لە پێناوی ئەو گرنگی دانەی بە کەلتوور و هونەری هاوچەرخ، هەروەها بۆ ئەوەی کە پێشەکی وەرگێڕانی شیعرەکانی سپێهری لە ئەستۆی ئەم قەڵەمە گرت.

ڕەزا ئەفشاری /1989

# پێشەکی وەرگێڕ

ئەمە یەکەم جار نیە کە خوێنەری کورد شیعری هاوچەرخی فارسی بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە[1]. پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا، تاق و تەرا شیعری هاوچەرخی فارسی بڵاوبونەتەوە. هەروەها یەکەمجاریش نیە نامیلکەیەك بە زمانی کوردی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێت. بەڵام یەکەمجارە[2] نامیلکەیەکی سەربەخۆ دەچێتە بەر دەستی خوێنەری کورد کە تایبەت بێت بە شاعیرێکی هاوچەرخی فارسی[3] و شیعری شاعیرەکە دەکاتە دیاری بۆ کتێبخانەی کوردی. لە وەرگێڕانی

[1] بۆ نووسینی ئەم پێشەکییە، سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:
- لیلی گلستان: سهراب سپهری، شاعر نقاش، امیر کبیر، 1359چاپی سێیەم، تاران،1972.
- رچا علوی: راه حق، مقدمە دربارۀ بودابیت، تاران(؟)
- سهراب سپهری: هشت کتاب. گهوری، چ1، 1355
- پرویز شکیبایی: صدای پای آب، متن شعر.

[2] ئەم قسەییە لە ساڵی 1989دا نووسراوە

[3] کە باس لە شیعری هاوچەرخی فارسی دەکرێت، مەبەستمان لەو قۆناغە شیعریەیە کە نیما یۆشیج (1897-1958) دەستیپێکرد.



ئەم شیعرانەدا زیاتر هەوڵم داوە ناوەڕۆك و شێوە نووسینی سپێهری وەکو یەك بگەیەنم چونکە شاعیر چ وەك نووسین و چ وەك دەربڕینیش ڕەوتی تایبەتی خۆی هەیە.. بەڵام مەسەلەی گەیاندنی دوورییە فەلسەفیەکانی بیری سپێهری بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە. لەم کاتەدا وەرگێڕ ناچەرە بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك سەرچاوە بە تایبەتیش سەرچاوە ئاینییەکان وەك (قورئانی پیرۆز) و سەراپای تێکستەکانی کەلتووری ئاینەکانی هیند و خۆرهەڵاتی دوور. ئەم کارەش بۆمن ئاوا ئاسان نەبوو لە بە ئەوە دەمەوێت لە سەرەتاوە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشم، کە دەبێت زیاتر کار لە شیعری سپێهریدا بکرێت، بنەماکانی بیرکردنەوەی ئەم شاعیرە قووڵ و جۆراو جۆرن، داهێنان و مامەڵکردنی شاعیریش لەگەڵ ئەو بنەیانەدا، لە پێناوی پتەوکردنی تێۆرە شیعرەکەیدا مەسەلەیەکی دیکەن و لێدوانێکی زۆریان دەوێت. وەنەبێت ئەم کارە تەنیا بۆ ئێمە زەحمەت بێت، ئێرانییەکان خۆشیان زۆر کەمیان لە سەر سپێهری نوسیوە[4] هۆی ئەمەش گەلێك زۆرن، بەڵام باوبوونی ئەو

[4] بۆ ئاگاداری خوێنەر لێرەدا ناوی ئەو کتێب و باسانە دەنووسمەوە کە تا کاتی چاپی ئەم ئەم نامیلکەیە (1989) سەبارەت بە شاعیری ناوبراو بڵاوکراونەتەوە و لە دوور و نزیکەوە ئاگاداریانم:
- سهراب سپهری، شاعر نقاش چاپی سێیەم (1982) تاران
- یادمان سهراب سپهری، کۆمەڵێك نووسەر، تاران (1989) لە چوار سەد لاپەڕەدا.
- حسن حسینی: بیدل، سپهری و سبك هندی، تاران (1989)

ڕوانگە سواو وتەقلیدیەی کە ڕەخنەگرەکان لێوەی دەڕواننە شیعر و ئەدەب، لە سەرووی هەموو ئەو هۆیانەوەیە. بەلای ئەوانەوە چینایەتیکردنی شیعر لە گۆڕێیە نەك شیعر خۆی!. ئەوان دەڵێن: ئەو شیعرەی ئاوێنەی زۆربەی کۆمەڵ بێت، شیعرێکی ڕاستەقینەیە و ئەو شیعرەش لە جیهانی خودی شاعیردا بمێنێتەوە شتێکی مردووە. بە مانایەکی دی، شیعری باش واتە شیعری پێشکەوتنخواز و شیعری خەراپیش، واتە شیعری کۆنەپەرستان، ئەویان خزمەت بە چینەکانی خواروی کۆمەڵ دەکات و ئەمیشیان لە خزمەتی ئیمپریالیزمی جیهانیدایە!

دیارە بەم پێیە دەبێت نیوەی ڕاستی میراتی شیعری جیهانی واز لێبهێنرێت و شیعری سپێهریش لەو ڕوانگەیەوە، شیعری "بودازادە ئەشرافیەکان"ـە و شیعرێکی مردووە. ئەگەرچی ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت، بەڵام لە جێی خۆیدایە بە دوو دێڕی سادە و ساکار بە وانە بگوترێت:

پێویستە چاوەکانمان بشۆین و
جۆرێکی دی تەماشای جیهان بکەین..

(بێگومان ئەم قسەیە بۆ ساڵی نووسینی ئەم پێشەکییە ڕاستە (1989) دەنا ئێستا بە سەدان کتێب و سەرچاوە لەسەر ئەم شاعیرە لەبەردەستدان.



سوهراب سپێهری 1928–1980 یەکێکە لە شاعیر و هونەرمەندە هاوچەرخەکانی ئیران[5]. زۆربەی تەمەنی خۆی لە شارەکانی کاشان و لە حاڵەتی تەنیایی و گۆشەگیریدا بردۆتە سەر. ئەم تەنیاییە لەگەڵ سرووشتی سەوز و ئاوی زوڵاڵ و سێبەری دار چنارە بەرزەکان تێکەڵ دەبێت و دەبێتە دەلاقەیەك، کە سپێهری لێوەی دەڕوانێتە جیهان و ڕووداوەکان. سپێهری وەك هەموو شاعیرێکی ڕەسەنی دی کە ڕەگ و ریشەیان لە ناوچەی خۆیاندا هەیە، لە سەرچاوەی ژیانبەخشی عەردی زادی خۆیەوە خۆراك وەردەگرێت. ئەم سەرچاوەیەش لە سەر زەویەکی وەك ئیراندا کە ڕابوردوویەکی شاعیرانەی مەزنی هەیە، بە ناچاری بۆنی عیرفانی گرتوە[6].

لێرەوە عەشق لە شیعری سپهریدا دوورییەکی قوڵ بە خۆیەوە دەگرێت و شاعیریش ئەزموونی خۆی لە ڕێگەی ئەم عەشقەوە دەردەبڕێت. بەڵام بەو هۆیەوە کە سپێهری کاری بە ڕووداوەکانی ڕۆژانە نیە، تەماشا دەکەین لەلایەکەوە دەبێتە عەشقێکی دنیایی و لەلایەکیتریشەوە دەبیتە عەشقێکی خودایی.

[5] سپێهری وەك چۆن شاعیرێکی لێهاتووە، ئاواش هونەرمەندێکی بە توانایە، بەداخەوە لێرەدا توانای ئەوەمان نەبوو لە سەر تابلۆکانی قسان بکەین.

[6] بڕوانە سەرچاوەی یەکەم ل:20

تایبەتمەندییەکی گرنگ لە مەودای بیری سپهریدا، کە زۆر کەم قسەی لە سەر کراوە ئەوەیە: هێندەی سپێهری کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایینەکانی خۆرهەڵاتی دوور و هیندستانەوە، بە تایبەتیش ئایینی بوداو تێکستی ووداکان، هێندە لە ژێر کاریگەری عیرفانی ئێرانیدا و میراتی شیعری کلاسیکی فارسیدا نابینرێت. لە فەرهەنگی ئەو ئایینانەدا، هەمیشە جۆرێك بانگهێشتن دەبینرێت، بانگهێشتن بۆ چاکە و خۆشەویستی، بانگهێشتن بۆ پتەوکردنی دۆستی و بیرکردنەوەی ڕاست،کرداری ڕاست و هتد.. جێگەی سەر سووڕمان نیە کە بنەمای یوگای هیندی لە سەر سێ کوچکە، یان سێ ڕێگای بنەڕەتی دامەزرابێت: ڕێگەی کردار، ڕێگەی زانست ڕێگەی عەشق[7]

ئەم بانگهێشتنە لە شیعری سپێهریدا بە چەندین شێوە دووبارە بۆتەوە. سپێهری هەمیشە بڕوای بە جۆرێك تەبایی لە نێوان شتەکاندا هەیە.. پەیڕەوکردنی ئەم تەباییە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ سروشت و دەووروبەر، لە ئاست گیاندار و درەخت و ئاودا، ناوەڕۆکی شیعری ئەم شاعیرە هەست ناسکە پێکدەهێنێت:

ئاو قوڕاو نەکەین:
واپێدەچێ لە دوورەدەست، کۆترێ ئاو دەخواتەوە.

[7] Karman Yoga, Jnana Yoga, Bhakti Yoga



ڕەنگە ئەم ئاوە پاکە بڕواتە بن سپیارێك[8]
تا بیشواتەوە خەمی دڵێك.
ڕەنگە دەستی دەروێشێك
نانێکی ڕەقی پێ تەڕ کات.

شاعیر دەیەوێت پەیامی ڕاستەقینە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و تەبایی بخاتە نێوان مرۆڤ و روناکییەوە، هەورەکان لەت و پەت بکات و خۆری ڕاستەقینە بخاتە نێو دڵمانەوە:

ڕۆژێك دێم و
گوڵێکی یاسەمەن دەدەمە گەدایەك
دێم و لە بەردەمی ئەسپ و مانگاکاندا،
تفاقی سەوزی نەوازش ڕۆدەکەم.
بۆ مایینە تینووەکان، سەتڵێك شەونم دەهێنم
کەرێکی پەککەوتە لە سەر ڕێگایە،
مێشکەکانی لێدەر دەکەم.
هەر قەلەڕەشکەی سنەوبەرێکی پێدەبەخشم.
بە مار دەڵێم:
چەند شکۆدارە بۆق!

[8] سپیار، سپیدار، دار چنار.


www.pertwk.com

ئەم تەبایی یە ئەفسووناویە لەلای سپێهری سەرچاوەیەکی دیکەیشی لە دەروونی خۆیدا هەڵگرتووە. بەلای شاعیرەوە ئەوەی کە هەیە گیاندارە و ڕۆحیش وەك تەمێك بە سەراپای بۆشایی جیهاندا بڵاوبۆتەوە. بۆیە هەموو شتێك دەبێتە ئاوێنەیەك کە تیایدا یەکێك لە سیفەتە لە ژمارە نەهاتووەکانی بوون ڕەنگی داوەتەوە. شاعیر گوێ بۆ دەنگی پێی ئاو ڕادەگرێت، خواکەی ئەوەتا لەسەر وریایی ئاو، لە خاڵەکانی باڵی پەپوولە و تێپەربوونی مێشوولەیەك بە کۆڵانی تەنیاییدا ڕادەمێنێت.. سەرنجی شاعیرانەمان بۆ لای ئەو ئەو پەیوەندیانە ڕادەکێشێت کە چاوی ئاسایی، کە هەستکردنی مرۆڤی ئاسایی تێیان ناگات. ئەمەش ئەم تێڕوانینیە تازەیەیە کە لەمەو پێش لە شیعری فارسیدا نەبووە: لە بەر ئەوەی شیعری کلاسیکی فارسی زیاتر بەلای سۆز و مەعنەوییوونی حاڵەتە دەروونییەکاندا ڕۆشتووە تاکو بەلای ئەو هەستکردنە جوانەدا کە شتەکانی دەوروبەر دەیسەپێنێت[9]

خاڵێکی دی کە بەردەوام سپێهری بە هۆی ئیستعارە و دەربڕینی ناسکی شاعیرانەوە باسی لێوەدەکات، مەسەلەی مەرگە. ئەگەر لەلای شاعیر و فەیلەسووفێکی گەورەی وەك خەییام، مەرگ سنورێك بێت لە نێوان جیهانی واقیع و دنیای مەرگ خۆیدا،

[9] سەرچاوەی یەکەم، ل: 41-42



خەییامیش بەردەوام پێ لە سەر خۆشی و چێژەکانی پێش مەرگ دابگرێت، ئەوا لەلای سپێهری مەرگیش ئەزموونێکە مرۆڤ پیایدا تێپەڕ دەبێت. بەڵکو مەرگ زیاتر خۆی لە ژیان جیانابێتەوە.

لە تێکستە بوداییەکاندا مەرگ ئامانجە. بوداییەکان مەرگی راستەقینە بەو مەرگە دەزانن کە ئیدی زیندووبونەوەی لە دوا نەبێت و مرۆڤ لە مەداری بوون بچێتە دەرێ. واتە مەرگ خۆی ئەزموونێکی گەورەیە لە دڵی ژیاندا، هەر وەك بودا بە خەڵکە ڕەشۆکەکەی دەگوت: ئەو هێزانەی کە دروستکەری مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی دیکەن، جا ئەوانە هێزە مادییەکان بن یاخود هێزە ڕۆحی ومەعنەویەکان، بەردەوام خۆیان لە حاڵەتی گۆڕانکاری و جوڵەدان، بەم مانایەش مەرگ ئەزموونی هەر چرکەیەی ژیانی مرۆڤەکانە[10]

سپێهری دەڵێت:

مەرگ کۆتایی کۆترەکان نییە
مەرگ لە ئاو و هەوای سازگاربیردا هێلانەی کردووە
مەرگ لە خودی شەوگاری گوندا، باسی سپیدە دەکا
مەرگ لەگەڵ هێشووی ترێدا خۆی داوێتە دەمانەوە
گاهێ لە سێبەردا ڕۆنیشتووە و لە ئێمە دەڕوانێ

[10] راه حق ل:19

هەمووشمان دەزانین:

سییەکانی خۆشبەختی پڕن لە ئۆکسجینی مەرگ.

لە دەنگی پێی ئاودا سپێهری باسی خۆیمان بۆ دەکات: خەڵکی کاشانم، ڕۆژگارم دەگوزەرێ، من موسڵمانم ... ئەم دەستپێکردنە دەستی خوێنەر دەگرێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی بە بێئەوەی بیری خۆی بە لێکدانەوەی دەربڕینی قورسەوە خەریك بکات، وێنەیەکی سپێهری لە زەینی خۆیدا بکێشێت. بەڵام شاعیر لە پڕ دەست دەکات بە ئاشکراکردنی مەبەستە سەرەکیەکەی،کە دۆزینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیەتی:

ڕەنگە ڕەچەڵەکم بچێتەوە سەر گیایەك لە هیندستان

بچێتەوە سەر قاپێکی قوڕین لە خاکی "سیەلك"

ڕەنگە ڕەچەڵەکی من بچێتەوە سەر سۆزانیەکی شاری بوخارا..

پاشان دەبێتە میوانی دنیا، لە سەر زەوی زۆرشت دەبینێت، لە بەردەمی هەر شتێکدا هەڵوێستەیەك دەکات. بەڵام لە هیچ جێگەیەکی ئەم جیهانەدا هەواری ڕاستەقینەی نادۆزێتەوە. لێرەشەوە نامۆبوونی سپێهری بە قووڵی دێتە ڕوو:

خەڵکی کاشانم، وەلێ



شاری من کاشان نیە

شارەکەی من گوم بووە.

شیعرەکە دوو بەشی درێژە، لە یەکەمیاندا سپێهری بە زمانێکی شاعیرانە دەکەوێتە ئاشکراکردنی کۆمەڵێك دەنگ و ڕەنگی عارفانە لە سرووشتدا، ڕەهەندی عارفانە دەداتە مێرووڵە و شەپۆل و وشە. بەڵام لە بەشی دووەمدا هەوڵی سپێهری وەك داریوش شایگان دەڵێت: "بەڕۆحانیکردنی مادیاتەکانە".

لەم بەشەدا پەنجەرەی ڕۆحی شاعیر لە ڕووی فەزادا دەکرێتەوە و بانگهێشتمان دەکات بۆ لادانی ئەو پەردەیەی خەریکە هەستمان دەحنکێنێت و دەستی ناوەتە گەرووی بیرکردنەوەمان:

پەردە لابدەین

ڕێ بدەین با هەست هەوایەك هەڵمژێ.

ڕێگە بدەین غەریزە عەودالی یاریی بێت.

ڕێگە بدەین تەنیایی ستران بچڕێ،

شت بنووسێ

بچێتە سەر شەقام، پیاسەبکات.

شیعری سپێهری پڕن لە وێنەی جوان. ئەم وێنانە بەرهەمی ئەزموونی سۆزی تاکەکەسین و لە جیهانی نەمرییدا سوکنایی بە دڵی خوێنەر دەدەن. لە پشت هەر وێنەیەکەوە مرۆڤێکی عارف دانیشووە و بەو پەڕی ڕاستگۆییەوە بیروڕای خۆیمان لە مەڕ بوونەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون بۆ باس دەکات[11]. ئەزموونی سپێهری ئەزموونی ژیانە بە دڵ و دەروونێکی پاك و دوور لە گرێ وگۆڵی دنیای پیشەسازی کارگە و شارە گەورەکان. ئەزموونی ڕێبوارێکی کۆچەرە لە دنیای ڕۆحدا و هەواری پشوودانیشی، "مەنزڵی یار"ە.

سپێهری یەکەم دیوانی خۆی لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا بە ناوی (مرگ رنگ)ەوە چاپکردووە. هەروەکو سیروس طاهباز دەڵێت، شاعیر لەم دیوانەدا لە ژێر کاریگەریی نیمایوشیج دایە. بەڵام لە دیوانی دووەمدا کە دووساڵ دوای مەرگی ڕەنگ، چاپکراوە، سپێهری دەستدەکات بە گێڕانەوەی ئەزموونی ژیانی خۆی، (ژیانی خەونەکان) کە ناوی دیوانەکەیە، دەکرێ وەکو ئەو زەمینەیە تەماشای بکرێت کە سپێهری شوێنپێی شیعری خۆی لە سەر قاییم کردووە.(آوار آفتاب)، سێەم دیوانی شاعیرە کە ساڵی(1961)چاپکراوە. سپێهری لێرەدا دەزووی هاوپەیوەندێتی مرۆڤ و سروشت دەدۆزێتەوە ئیدی بە درێژایی

[11] سەرچاوەی یەکەم، ل:48



ئەزموونەکەی هەوڵی پتەوکردنی ئەم بنەمایە دەدات، فەروغی فەروغزاد لە بارەی ئەم دیوانەوە دەڵێت: سوهراب سپێهری لە دوابەشی (آوار آفتاب)ەوە دەکەوێتەوە ڕێ، بە شێوەیەکی زۆر تازە و سەرسووڕهێنەر دەکەوێتە ڕێ، هەر بەوجۆرەش بەردەوامی وەردەگرێت و پێشدەکەوێت. سپێهری لە هەموان جیاوازترە، جیهان و بیری ئەو بەلای منەوە سەرنج ڕاکێشترین جیهانە. ئەو باسی مرۆڤ و ژیان دەکات هەر لە بەر ئەوەیشە ئەو فراوانە. لە مەرکێشی شیعریشەوە، ڕێگەی خۆی دۆزیوەتەوە. ئەگەر هەموو تواناکانی خۆی بۆ شیعر دەخستە کار ئەو کاتە دەیزانی بە کوێ دەگات[12].

ساڵی (1987) چاپی شەشەمی سەرجەمی بەرهەمەکانی سپێهری بە ناوی (هەشت کتێب)ەوە کەوتە بازاڕەوە. ئەم کتێبە جگە لەو سێ دیوانەی پێشتر ناومان بردن، پێنج کۆمەڵە شیعری دیکەش لە خۆی دەگرێت: خەمی خۆرهەڵات 1961، دەنگی پێی ئاو 1965، کۆچەر 1966، بارستایی سەوز 1967 و ئێمە هیچ ،ئێمە نیگا.

شیعری (دەنگی پێی ئاو)م لە بەر ڕۆشنایی چەند تێکستێکدا کردۆتە کوردی. لە وانەش ئەو دەقەی لە کتێبی (سپهری، شاعر نقاش)دا چاپکراوە. هەروەها لەگەڵ ئەو دەقەشدا بەراودم کردووە کە (پرویز

[12] هەر ئەوێ، ل:47

شکیبایی) به دەنگی خۆی لە سەر کاسێت دەیخوێنێتەوە. پاشانیش لەگەڵ ئەم دەقەدا کە لە هەشت کتێب دا چاپکراوە بەیەکم گرتوون. بەڵام من زیاتر پشتم بە کاسێتەکە و هەشت کتێب بەستووە.

دواجار حەز دەکەم لە ڕووی وەفادارییەوە سوپاسی زۆرم بە هەموو ئەو برادەرانە پێشکەش بکەم کە تێبینی خۆیان لە سەر وەرگێرانەکەی من نووسیبوو. هەروەها سووپاسی زۆرم بۆ کاك بورهانی ئەییوبی و کاك فەرهاد ،کە یەکەمیان لە پێداچوونەوەی دەقە فارسییەکەدا یارمەتیدام و دووەمیشیان لە بڕینی ئەم بەرهەمەدا خۆی ماندووکرد.

دوا وتە: دەمەوێت بەو پەڕی دڵفراوانییەوە ئەم نامیلکەیە پێشکەش بە خوێنەری کورد و کتێبخانەی ئاوارەی کورد بکەم، بە ئومێدی ئەوەی بە تێبینی و ڕەخنەکانیان بەرهەمەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەن.

ڕێبوار.س، هاوینی1989

کۆبنهانگن

## دەنگی پێی ئاو

خەڵکی کاشانم[13]
ڕۆژگارم دەگوزەرێ..
لەتێك نانم هەیە و کەمێك هۆش و
هێندەی سەری دەرزیەکیش زەوق.
دایکێکیشم هەیە چاکترە لە گەڵای درەخت
هاوڕێکانیشم، چاترن لە ئاوی سازگار.

خوایەکیش ئەوەتا لەم نزیکانەیە:
لای ئەو شەوبۆیانەوە، لە بن ئەو سنەوبەرە بەرزەدا
لەسەر ئاگایی ئاو.. لەسەر یاسای سەوزەگیا..

[13] کاشان: ناوی شارێکە لە ئێران و شوێنی لەدایکبوونی شاعیرە.



من مسوڵمانم.
قبیلەم گوڵێکی سوورە،
جێ نوێژم: کانی، بەردەمۆرم: نوور.
سارا بەرماڵی منە.
من دەستنوێژ بە خووڕپەی پەنجەرەکان دەشۆم
لە نوێژەکانمدا، مانگ ڕەوانە، شەبەنگ دیار
بەرد لەو دیو نوێژەکانمەوە دەبینرێ:
هەموو زەڕاتی نوێژەکانم دەبریقێنەوە.
من کاتێك نوێژ دەکەم
کە با، لەسەر چڵی سەروەدارەوە بانگی گوتبێ.
من لە دوای "تکبیرە الاحرام"ی ئاڵفەوە[14] نوێژ دەکەم
بەدوای "قدقامت"ی شەپۆلەوە.
کەعبەم لە قەراخی ئاوە.
کەعبەی من ئەوەتا لە ژێر داری ئەکاکیادایە

[14] ئاڵف، علف: تفاق، ئەو گیایەی دەدرێ بە ئاژەڵان.

کەعبەی من وەك شەونم، باخ بە باخ..
شار بە شار دەڕوات
"حجر الاسود"ی من: ڕووناکایی باخچەیە.

خەڵکی کاشانم
پیشەم نیگارکێشانە
جار جارە قەفەسێك دروستدەکەم بە ڕەنگ،
دەیفرۆشم بە ئێوە
تا بە هۆی ئاوازی گوڵاڵە سوورە زیندانیەکەی ناویەوە
دڵی تەنیاتان تازەبێتەوە.
چ خەیاڵێکە، چ خەیاڵێك، .. دەزانم
پەردەی نیگارەکانم بێگیان و
باش دەزانم ئەستێرکی[15] تابلۆکەشم: بێ ماسی..

[15] ئەستێرك: بە سەرچاوەی ئاوێکی کەم دەگوترێ، کە بەردەمەکەی کرابێتە گۆم و ئاوەکەشی کەم بێت و ئەگەری وشکبوونیشی زۆرە. سپێهری وشەی (حوض) بەکاردەهێنێ، بەڵام من ئەستێرکم پێجوانتر و شاعیرانەتر بوو.



خەڵکی کاشانم
ڕەنگە ڕەچەڵەکم بچێتەوە سەر گیایەك لە هیندستان
بچێتەوە سەر قاپێکی قوڕین لە خاکی سیەلك[16]
ڕەنگە، ڕەچەڵەکی من بچێتەوە سەر
سۆزانییەکی شاری بوخارا[17]

باوکم لە دوای دووجار هاتنی پەڕەسێلکەکانەوە،
لە دوای دوو بەفری چلەوە،
لە دوای دوو خەولێکەوتن لەبەر مانگەشەو،
باوکم، لە مێژە مردووە.
کاتێك باوکم مرد، ئاسمان شین بوو
دایکم بێئاگا لە خەو ڕاپەڕی، خوشکەکەم جوان بۆوە.

[16] سیەلك: یەکێکە لەناوچە دێرینەکانی خوارووی ڕۆژئاوای کاشان.
[17] بخارا، بوخارا: شارێکی گەورە و کۆنی مێژووییە و ئێستا بەشێکە لە کۆماری ئۆزبێکستان.

باوكم كاتێ مرد، پاسەوانەكان گشتیان شاعیر بوون.
كابرای میوەفرۆش لێی پرسیم:
چەند مەن[18] كاڵەكت دەوێ؟
منیش لێم پرسی: دڵێكی خۆش سیری[19] بەچەند؟

باوكم نیگاركێشی دەكرد
سازی لێدەدا و سازیشی دروستدەكرد
خەتێكی جوانیشی بەلاوە بوو.

باخچەكەی ئێمە كەوتبووە لای سێبەری داناییەوە
باخی ئێمە جێژوانی گرێبەستی سەوزایی و هەستەوەری،
باخی مە شوێنی بەیەك گەیشتنی
نیگا و قەفەس و ئاوێنە بوو.

[18] من، مەن: یەكەیەكی كێشانەیە و دەكاتە سێ كیلۆ.
[19] سیر(sir): یەكەیەكی كێشانەیە و دەكاتە 75 گرام.



باخچەكەی ئێمە،
لەوە دەچووكەوانەیەك بێت
لە بازنەی سەوزی خۆشبەختیدا.
ئەو رۆژگارە، میوەی كاڵی خودایيم لە خەونمدا دەجوو
ئاوم بەبێ فەلسەفە دەخواردەوە
بەبێ زانین، تووم دەوەراند..
تا هەنارێك دەقڵیشا، دەستم دەبووە فوارەی پاڕانەوە
تا چۆلەكەیەك دەیخریواند،
وەخت بوو گیانم لە زەوقی گوێگرتن بسووتێ
گاهێ تەنیاییش،
ڕووخساری دەنا بەودیو پەنجەرەكەمەوە
شەوق دەهات، دەستی دەكردە ملی هەست.
هزر، گەمەی دەكرد
ژیان شتێ بوو. وەك ڕشێنەبارانێكی جەژنان،
وەك چنارێكی پڕ لە باڵدار

ژیان لـەو دەمەدا،
ڕیزێك بووكەشوشە و چەپكێ ڕوناكی بوو.
یەك باوەش ئازادی بوو
ژیان لـەو سەردەمەدا: حەوزێ مۆسیقا بوو.

بە ئەسپایی، مندالّی لـە گەرەكی پووشكەبەقوونەكان[20]
هێدی هێدی دووركەوتەوە
باری خۆم لێنا و لـە گەڕەكی خەیاڵەخاوەكان چومەدەر
دڵیشم لـە تاو غوربەتی پووشكەبەقوونەكان: پڕ

من چوومە میوانداریی دنیا
بەرەو دەشتایی خەم،
من بەرەو باخی عیرفان

[20] پووشكەبەقوونە: جۆرێكە لە باڵدار، كلكێكی درێژ و دووباڵی ڕەنگاوڕەنگی هەیە و لە گوێ شیو و نزیك شینكایەتی دەژی. منداڵان دەیانگرن و پووشكەیەك ڕۆدەكەنە كلكیانەوە و بەرەڵڵایان دەكەن و دەفڕنەوە.



بەرەو هەیوانی پڕچرای زانست چووم.
بە پلـەی مەزهەبدا چوومە سەرێ.
تا كۆتایی كوچەی گومان
تاكو هەوای فێنكی بێنیازی،
تاكو شەوی تەڕوبڕی خۆشەویستی، ڕۆیشتم.
چووم بۆ بینینی كەسێ لـەو پەڕی عەشق
ڕۆیشتم، ڕۆیشتم هەتا ژن،
تا چرای لـەززەت
تا بێدەنگیی تكا
هەتا سەدای پەڕی تەنیایی

چ شتگەلـێكم بینین لـەسەر زەوی:
منداڵێكم دی بۆنی دەكرد بە مانگەوە
قەفەسێكی بێدەرگام دی،
تیایدا ڕۆشنایی باڵـە فڕەی بوو.

پەیژەیەکم دی،
لێوەی عەشق سەر دەکەوتە سەر بانی مەلەکوت[21]
ئافرەتێکم دی، لە دەسکەوانێکدا ڕووناکی دەکوتا
نیوەڕۆش سفرەکەیان نانی لەسەر بوو،
سەوزە، دەورییەك شەونم و
قاپێکی داغ خۆشەویستیشی لەسەر بوو
من دەرۆزەکەرێکم دی،
دەرگا بە دەرگا دەرۆیشت و
نەغمەی بولبولی سواڵ دەکرد،
کەنناسێکم دی بۆ تێکوڵە کاڵەکێ نوێژی دەکرد.

بەرخێکم دی، کۆلارەیەکی دەجوو
ولاخێکم دی، لە وێنجە[22] تێدەگەیشت

[21] ملکوت، مەلەکوت: زاراوەیەکی تەسەووفە و بەو جیهانە دەڵێن کە تایبەتە بە بوونی ڕەها و نیشنگەی حەقق و مەعنا و نوورە.



لە بژوێنی "ئامۆژگاری"دا، گایەکم بینی: تێر

شاعیرێکم دی لە کاتی قسەکردندا،
بە گوڵی سەوسەنی دەگوت: "ئێوە".

من کتێبێکم دی، سەراپای وشەکانی بلووری
کاغەزێکم دی، بەهاری
مۆزەیەکم دی، دوور لە سەوزایی
مزگەوتێکی دوور لە ئاو
لە سەر بالیفی فەقێیەکی نائومێد،
گۆزەیەکم دی لێوڕێژ لە پرسیار

ئێسترێکم بینی بارەکەی "پەخشان"

[22] وێنجە: جۆرێکی گیایە، کە لە جوانی و بۆنخۆشی خاڵی نییە. بەتایبەتی دەچێنرێ و لە شێوەی سێپەڕەدایە و زووزووش دروێنە دەکرێ.

وشترێکم بینی بارەکەی
سەبەتەیەکی بەتاڵ: "پەندو ئامۆژگاری".
عارفێکیشم بینی بارەکەی: "هایی و هوو".

شەمەنەفەرێکم دی ڕۆشنایی دەبرد
شەمەنەفەرێکم دی فیقهی دەبرد و
چەندە سەنگین دەڕۆیی
شەمەنەفەرێکم دی سیاسەتی دەبرد و
چەندە بەخاڵی دەڕۆیی
شەمەنەفەرێکم دی
تۆی لاولاو و ئاوازی کەناری دەبرد
فڕۆکەیەکیش، لە بەرزیی هەزاران پێوە
هێشتا لە پەنجەرەکانیەوەی زەوی دیار بوو:
پۆینەی پەپووسلێمانەکە،
خاڵەکانی باڵی پەپوولە و



وێنەی بۆقێك لە ناو ئەستێرکدا
تێپەڕینی مێشوولەیەك بە کۆڵانی تەنیاییدا
پاڕانەوەی ئاشکرای چۆلەکەیەك،
کاتێك لە سەر چنارێکەوە دەفڕێتە سەر زەوی
باڵقبوونی خۆر و
باوەش پێداکردنی بووکەشووشە بە کازیوەدا..

ئەو پلیکانانەی دەچوونەوە سەر گوڵخانەی شەهوەت
ئەو پلیکانانەی دەچوونەوە ناو سەردابی ئەلکولەوە
ئەو پلیکانانەی بەرەو یاسای ئابڕوبردنی گوڵی سوور و
تێگەیشتنی ماتماتیکیانەی ژیان دەڕۆیشتن
ئەوانەی بۆ بانیژەی ئیشراق و
ئەوانەی دەچوونەوە سەر سەکۆی توانەوە

دایکیشم لەو خوارەوە

پیاڵەکانی لە بیرەوەری دەریادا دەشتن

شار دیار بوو
بەرزبوونەوەی هەندەسیانەی ئاسن، چیمەنتۆ، بەرد
سەقفی بێ کۆتری سەدان نەفەربەر
گوڵفرۆشێك گوڵەکانی هەڕڕاج دەکردن
لە نێوان دوو ئەرخەواندا
شاعیرێك جۆلانەی هەڵخست
کوڕێ دیواری قوتابخانەی بەرد باران کرد
مندالێ
دەنکە قۆخێکی تف دەکردەوە
سەر بەرماڵی بێڕەنگی باوکی..
بزنێکیش لە "خەزەر"[23]ی نەخشەی جوگرافیادا،
ئاوی دەخواردەوە

[23] خزر، خەزەر: دەریای خەزەر



تەنافێك دیار بوو: مەمکەوانێکی بێ ئۆقرە

تایەی گارییەك لە حەسرەتی دۆشدامانی ئەسپ
ئەسپێك لە حەسرەتی خەوتنی گاریچی،
کابرای گاریچیش لە حەسرەتی مەرگ.

عەشق دیاربوو، شەپۆل دیاربوو
بەفر دیار بوو، دۆستی دیاربوو
وشە دیار بوو
ئاو دیاربوو، وێنەی شتەکان لە ئاودا
سێبەری فێنکی خڕۆکەکان لە کەفی خوێندا
بەشی شێداریی ژیان
خۆرهەلاتی
کانگای ئازەرەکانی مرۆڤایەتی

وەرزی سەرگەردانی بە کۆڵانی ئافرەتدا
بۆنی تەنیایی لە کوچەی وەرزدا

لە مشتی هاویندا، باوەشێنێك دەبینرا!

سەفەری تۆو بەرەو گڵ
سەفەری ئەم ماڵەوماڵی گیاکەڵە
سەفەری مانگ بەرەو کانی
پڕژانی گوڵی حەسرەت لە زەوی
هاتنە خوارەوەی خەڵفی مێو بە داردا
بارینی شەونم بەسەر پردێکی خەواڵوودا.
بازهەڵدانی شادی لە خەندەقی مەرگەوە
تێپەڕینی ڕوداو بە دوای قسەدا.
شەڕی کلاوڕۆژنە و تکای هەتاو
شەڕی پلیکانەیەك لەگەڵ پێی بەرزی خۆر



شەڕی تەنیایی لەگەڵ ئاوازێ
شەڕی جوانیی هەرمێکان
لەگەڵ بەتاڵیی زەمبیلەیەکدا
شەڕی خوێناوی هەنار و ددان
شەڕی "نازییەکان" لەگەڵ لقێ نازناز
شەڕی تووتی و ڕەوانبێژی
شەڕی نێوچەوان لەگەڵ ساردی بەردەمۆردا.

هێرشی کاشیی مزگەوت بۆ سجود
هێرشی با بۆ سەر میعراجی بڵقی سابوون
هێرشی سوپایەك پەپوولە
بۆسەر بەرنامەی "لەناوبردنی ئافات"
هێرشی دەستەیەك پووشکەبەقوونە
بۆ سەر ڕیزی بۆریچییەکان..
هێرشی سوپای ڕەشی قامیشەقەڵەم

بۆسەر پیتە زیوییەکان
هێرشی وشە بۆ چەناگەی شاعیر.

فەتحی یەك سەدە بە دەستی شیعرێك
فەتحی باخچەیەك بە دەستی ڕەشیشەیەك
فەتحی کۆلانێك بە دەستی دوو سڵاو
فەتحی شارێك بە دەستی سێ چوار ئەسپسواری دارینە
کردنەوەی ئاهەنگێك
بە دەستی تۆپێك و دوو بوکە شوشە

کوژرانی فیقفیقەیەك لە سەر دۆشەکی پاشنیوەڕۆ
کوژرانی چیرۆکێك لە سەرەتای کۆلانی خەودا
کوژرانی خەمێك بە فەرمانی سروود
کوژرانی تریفەی مانگ بە فەرمانی نیۆن[24]

[24] مەبەست لە چرای نیۆنە.



کوژرانی داربییەك بە دەستی دەوڵەت
کوژرانی شاعیرێکی ژاکاو بە دەستی گوڵی سوور
سەراپای زەوی دیاربوو
تەبایی بە کوچەی یۆناندا دەڕۆی
کوندەپوو لە "باخچەی هەڵواسراو" دەیخوێند
با، لە لوتکەی خەییەرەوە،
مشتێ چڵ و چێوی مێژووی بەرەو خۆرهەڵات ڕادەپێچا
بە سەر دەریای ئارامی (نگینە)دا[25]،
بەلەمێك گوڵی دەپەڕاندەوە.
لە سەری هەر کۆلانێکی شاری "بنارس"[26]،
چرایەکی ئەبەدی هەڵکرابوو..

خەڵکانێکم دیتن

[25] نگین، نگینە: شارێکە لە نزیکی هیمالایای هیندستان.
[26] بنارس: شارێکە لە هیندستان و لە ڕۆخ ڕووباری (گنگ)، سەنتەرێکی کەلتووری و شاری پیرۆزی بەرەهمەنەکانە (واتە: ڕۆحانییەکانی هیندستان).

شارانێکم دیتن،
دەشتەکان و چیاکانم بینین
ئاوم بینی، خاکم بینی
ڕووناکی و تاریکیم بینی
گژوگیام لە ڕووناکیدا و گژوگیاشم لە تاریکیدا بینی
گیانەوەرم لە ڕووناکیدا و گیانەوەریشم لە تاریکیدا بینی
مرۆڤم لە ڕووناکیداو مرۆڤیشم لە تاریکیدا بینی.

خەڵکی کاشانم، وەلێ
شاری من کاشان نیە.
شارەکەی من گوم بووە.
من بە هەدادان، بە تا،
خانویەکم لەلایەکی دیکەی شەوگارەوە دروستکردووە.

من لەو خانووەدا



نزیکم لە گومناویی شێداری گژوگیاوە
من دەنگی هەناسەدانی باخچە دەبیستم
دەنگی تاریکیش دەبیستم،
کاتێ لە گەڵایەکەوە بەردەبێتە خوار.
دەنگی کۆکەی ڕووناکاییش، لە پشت دارەوە،
دەنگی پژمینی ئاو لە درزی هەر بەردێکدا و
جیکەجیکی پەڕەسێلکە لە ئاسمانی بەهارەوە.
دەنگی ئاشکرای کردنەوە و پێوەدانی پەنجەرەی تەنیایی.
دەنگی داماڵینی تەواوەتی کاژی ئاڵۆزکاوی عەشق
کەڵەکەبوونی زەوقی فڕین لای باڵ
دەق شکانی ترسی ڕۆح.
من دەنگی پێی تکا دەبیستم و
دەنگی، یاسایی خوێن لە دەمارەکاندا.
لێدانی سەحەریانەی بیری کۆترەکان،
دڵە تەپێی شەوانی هەینی!

تێپه‌رینی گوڵه‌مێخه‌ك به‌ هزردا
حیله‌ی ئاشكرای حه‌قیقه‌ت له‌ دووره‌وه‌.
من ده‌نگی گێزه‌ی ماددەم گوێ لێیه‌ و
ده‌نگی پێڵاوی ئیمانیش له‌ كوچه‌ی حه‌زدا
ده‌نگی دڵۆپی بارانیش، له‌ سه‌ر برژانگی ته‌ڕی عه‌شق
له‌ سه‌ر مۆسیقای خه‌مناكی باڵقبوون
له‌ سه‌ر ئاوازی باخه‌ هه‌ناره‌كان
ده‌نگی پڕژانی شووشه‌ی شادی له‌ شه‌ودا
له‌توپه‌تبوونی كاغه‌زی جوانی
پڕ و خاڵیی بوونه‌وه‌ی په‌رداخی غوربه‌ت له‌"با".

من له‌ سه‌ره‌تای عه‌رده‌وه‌ نزیكم
لێدانی دڵی گوڵه‌كان ده‌گرم
له‌ چاره‌نووسی ته‌ڕی ئاو
له‌ خووی سه‌وزی دره‌خت، شاره‌زام



ڕۆحی من به‌ قوژبنی تازه‌ی شته‌كاندا ده‌ڕوا
ڕۆحی من كه‌م ته‌مه‌نه‌.
ڕۆحی من جاری وا هه‌یه‌ له‌ خۆشیان،
كۆكه‌ی لێده‌پژێ..
ڕۆحی من بێكاره‌:
دڵۆپی باران و درزی خشته‌كان ده‌ژمێرێ
جاری وایه‌ ڕۆحی من،
وه‌ك به‌ردێكی سه‌ره‌ڕێ حه‌قیقه‌تی هه‌یه‌.

من دوو سنه‌وبه‌رم نه‌م دیوه‌ دوژمنی یه‌ك بن
نه‌مدیوه‌ بییه‌ك سێبه‌ری خۆی بفرۆشێ به‌ زه‌وی
ناره‌وه‌ن[27] به‌ خۆڕایی لقی خۆی ده‌داته‌ قه‌له‌باچكه‌كان
له‌ هه‌ر جێیه‌ك گه‌ڵایه‌ك هه‌بێ، زه‌وقی من ده‌كرێته‌وه‌
پنجكی خه‌شخاش له‌ لافاوی بووندا شتومیه‌وه‌.

[27] نارون، ناره‌وان، ناره‌وه‌ن: دره‌ختێكی كورته‌بالایه‌ و گوڵێكی ساده‌ی جوان ده‌رده‌كات.

وەك باڵی مێروولـە كێشی سپێدان دەزانم
وەك گوڵدانێ، گوێ بۆ مۆسیقای ڕووان دەگرم.
وەك زەمبیلـەیەكی پڕ لـە میوە،گەرمیی گەیینم تێدایە!
وەك مەیخانەیەك وام لـە سنووری تەمبەڵیدا.
وەك باڵاخانەیەكی كەنار دەریا، نیگەرانم
بە چڕبوونەوە درێژی هەورەكان

تا بتەوێ خۆر، تا بتەوێ پەیوەندی و تا بتەوێ فرەیی
من بە سێوێك دڵخۆشم و
بە بۆنكردنی پنجی زەردەگوڵ
من بە ئاوێنەیەك، بەیەك پەیوەندی خاوێن قەناعەتم هەیە
بە تەقینی میزەڵدانێك پێناكەنم.
پێكەنینیشم نایەت ئەگەر

[28] خشخاش، خەشخاش: گیایەكی دوو گەڵایە، كە لە شیراوەكەی مادەی تریاكی لێدەردێت.



فەلسەفەیەك، مانگ بكات بە دوولـەتەوە[29]
من دەنگی باڵی سوێسكەكان دەناسمەوە
ڕەنگی ژێر سنگی داڵە كەرخۆرەكان
شوێن پێی بزنە كێویەكان.
باش دەزانم ڕێواس لـە كوێ دەڕوێ،
ڕەشیشەكان كەی دێن، كەو چ كاتێ دەخوێنێ،
باز كەی دەمرێ.
مانگ لـە خەونی بیاباندا چیە.
مەرگ لـە لاسكی تكادا
توترِكی لـەززەت لـە ژێر ددانی پێكەوەخەوتندا.

ژیان خوێكی خۆشە!
پەڕوباڵی ژیان هێندەی فراوانی مردنە،

[29] پێدەچێ ئاماژە بێت بە ئایەتی (إقتربت الساعة و إنشق القمر. وإن یرو آیة یمرضوا ویقولوا سحر مستمر). قورئانی پیرۆز، سورەی قمر، كە باس لە موجیزەكانی پەیامبەر دەكات.

فڕینێکی هەیە بە ئەندازەی عەشق.
ژیان شتێك نیە،
لە لێواری تاقی عادەتدا لە یادی من و تۆ بچێ
ژیان جەزبەی دەستێکە میوە دەچنێ
ژیان نۆبەرەی هەنجیرە ڕەشەیە لە زاری ترشاوی هاویندا
ژیان، بەرزی درەختە بە چاوی مێرووله.
ژیان ئەزموونی شەمشەمەکوێرەیە لە تاریکاییدا
ژیان هەستی غەریبایەتی باڵندەیەکی کۆچەرە
ژیان بۆقی شەمەنەفەرێکە،
کاتێ خۆی لە خەونی پردێکەوە دەئاڵێنێ.
ژیان دیتنی باخچەیەکە
لە پەنجەرەی کڵۆمدراوی فڕۆکەیەکەوە
هەواڵی ڕۆیشتنی سارووخە بۆ ئاسمان
هەستکردنە بە تەنیایی مانگ
بیرۆکەی بۆنکردنی گوڵێکە: لە ئەستێرەیەکی دی.



ژیان شتنی قاپێکە.

ژیان دۆزینەوەی ئانەیەکە لە جۆگەی شەقامدا
ژیان ڕەگی ئاوێنەیە.
ژیان بریتییە لە گوڵ بە توانی ئەبەدیەت
ژیان کەرەتی زەوییە، لە لێدانی دڵەکان
ژیان هەندەسەی سادە و یەکسانی هەناسەکانە.

لە هەرجێیەك بم، هەم
ئاسمانماڵی منە.
پەنجەرە، بیر، هەوا، عەشق، زەوی ماڵی منە
چمداوە لەوەی گەر جاروبار
دەڕوێن کوارگەکانی[30] غوربەت؟

---

[30] کوارگ: قارچك، کارگ.

من نازانم بۆچی دەڵێن:
ئەسپ ئاژەڵێکی بەڕیزە و کۆتر جوانە؟
بۆچی لە قەفەسی کەسیکدا هەڵۆیەك نابینم؟
سێپەرە چی لەگوڵاڵەسوورە کەمترە؟
دەبێ چاوەکان بشۆین و جۆرێکی دی ببینین
دەبێ پەیڤەکان خاوێنکەینەوە.
دەبێت پەیڤەکان خۆیان با
خۆیان باران بن.
دەبێت چەترەکان داخەین،
بەژیر باراندا ڕیکەین..
دەبێ هزرین و یادوەریمان ببەینە ژێر بارانەوە
لەگەڵ گشت خەڵکی شاردا بە ژێر باراندا بڕۆین
دەبێ لەژێرباراندا بۆ دۆستەکانمان بگەڕێین
لە ژێر باراندا بۆ عەشق بگەڕێین



لەژێرباراندا لەگەڵ ئافرەت بخەوین
لە ژێر باراندا یاری بکەین.
لە ژێر باراندا بنووسین، قسان بکەین، نیلۆفەرِ بچێنین
ژیان تەڕبوونی بەردەوامە،
ژیان مەلەکردنە لە ئەستێرکی هەنووکە دا.

جلەکانمان دابکەنین
تا ئاو، هەنگاوێکە..
تامی ڕۆشنایی بکەین
شەوی گوندێك وەزن کەین، خەونی ئاسکێك..
تێبگەین لە گەرمی هێلانەی لەقلەق
پێ نەنێین بە یاسای چەمەندا
لە ڕەزدا گرێی چێژ بکەینەوە
کاتێك مانگ هەڵهات زار بکەینەوە.
نەشڵێین شەو شتێکی خراپە،

نەڵێین گوڵەستێرە لە جیهانبینی باخچە تێناگات

با سەبەتەیەك بهێنین و
ئەم هەموو ئەرخەوانییە، ئەم هەموو سەوزاییە ببەین.

بەیانیان نان و پەنیرەك[31] بخۆین و
لە پێچی هەر قسەیەکماندا نەمامێك بڕوێنین
لە نێوەندی دوو دەنگدا تۆوی بێدەنگی بچێنین.
ئەو کتێبانە موتاڵا نەکەین، با تیایاندا هەڵناکات
ئەو کتێبەش تیایدا پێستی شەونم تەڕ نیە
کتێبێك کە تیایدا خڕۆکەکان بێمەودان.
خۆزگە نەخوازین
مێش بفڕێ لەسەر پەنجەی سروشت!
خۆزگە بۆ مەرگی پڵنگ نەخوازین

[31] پنیرك، پەنیرەك: گیایەکی خۆڕسکە و بەرزاییەکەی دەگاتە نزیکەی 30 تا 60سم.



بزانین، ئەگەر کرم نەبایە ژیان شتێکی کەم دەبوو.
ئەگەریش هەڕیە نەبایە یاسای درەخت زیانی پێدەگەیی
گەر مەرگ نەبایە،
دەستی مە بەدووی شتێکدا وێڵ دەبوو
بشزانین ئەگەر ڕووناکی نەبایە
مەنتیقی زیندووی فڕین دەگۆڕا
بزانین بەر لە پەیدابوونی یاقوت،
لە هزری دەریاکاندا بەتاڵی دەبینرا.
نەشپرسین ئێمە لە کوێین؟
بۆن بکەین بە گوڵە مەخمەڵی تازەی نەخۆشانەوە
پرسیار نەکەین فوارەی بەختمان لە کوێیە.
نەپرسین باوکی باوکان
چ شەونم و کامە شەویان بەڕێکردووە.
لە رابڕدوودا دنیای زیندو بەدی ناکرێ
لە رابڕدوودا باڵندە ناخوێنێ

لە رابڕدوودا با تێپەڕ نابێ
لە رابڕدوودا پەنجەرەی سەوزی سنەوبەر کلۆم دراوە
لە رابڕدوودا سەراپای مەڕمەڕەکان
تەپوتۆز داپۆشیون
لە رابڕدوودا ماندوویی مێژوو دەبینرێ.
لە رابڕدوودا یادەوەری شەپۆلەکان،
سەدەفی ساردوسڕ بەرەو کەنار ڕادەپێچن.

وەرن با بڕۆینە کەنار دەریا،
تۆڕ هەڵدەینە نێو ئاوەوە و
تەڕوبڕی لە ئاوی دەریا بخوازین.

بەردەچەوێك لە عەردێ هەڵگرینەوەو
هەست بە قورسایی بوون بکەین.
گەر تامان لێهات جوێن بە تریفەی مانگ نەدەین:



(زۆر جاران دیومە لە تادا، مانگ هاتۆتە خوارێ،
دەست گەیشتۆتە سەقفی ئاسمان
گوێم لێبووە بولبول زولاڵتر خوێندویتی
زۆر جار ئەو برینەی لە قاچم هاتووە،
بەرزو نزمی زەوی پێناساندوم
گاە لە پێخەفی بیماریمدا
قەبارەی گوڵ، چەند جار گەورەتر هاتۆتە بەرچاوم
نارنج هێندەی دی ئاوساوە
ڕوناکی چرایش،
چەندینجار ڕۆشنتر بووە)

نەترسین لە مەرگ
(مەرگ کۆتایی کۆترەکان نییە
مەرگ قەپووی سیڕسیڕکەرە نیە.
مەرگ لە زەینی دار ئەرخەواندا ڕێدەکا

مەرگ لە ئاو و هەوای سازگاربیردا هێلانەی کردووە
مەرگ لە خودی شەوگاری گوندا،
باسی سپیدە دەکا
مەرگ لەگەڵ هێشووی ترێدا
خۆی داوێتە دەمانەوە
مەرگ لە قوڕگی "گەرووسوور"دا[32] دەخوێنێ
مەرگ بەرپرسیارە لە جوانیی شاپەڕەك[33]
جاری وا هەیە مەرگ ڕەیحانە دەچنێ
جاری واش هەیە ڤۆدگا دەخواتەوە.
گاهێ لە سێبەردا ڕۆنیشتووە و لە ئێمە دەڕوانێ
هەمووشمان دەزانین:
سییەکانی خۆشبەختی پڕن لە ئۆکسجینی مەرگ).

[32] گەرووسوور، Robin ناوی باڵندەیەکە و عەرەب پێیدەڵێن (حمره).
[33] شاپرك: شاپەڕەك: جۆرێکی پەپوولەیە.



دەرگا لە سەر ئەو گوتە زیندووەی چارەنووس
کلۆم نەدەین،
کە لەو دیو چەپەرەکانی سەداوە گوێمان لێیەتی.

پەردە لابدەین
ڕێ بدەین با هەست هەوایەك هەڵمژێ.
ڕێگە بدەین بلووق،
لە ژێر هەر پنجێکی حەز دەکا
شەونخونی بکێشێت
ڕێگە بدەین غەریزە عەودالّی یاریی بێت.
پێڵاوەکانی فڕێدات و بە دووی وەرزەکاندا
بە سەر گوڵەکاندا باز هەڵدات
ڕێگە بدەین تەنیایی ستران بچڕێ،
شت بنووسێ
بچێتە سەر شەقام (پیاسە بکا).

ساکاربین،
چ لە بەردەم دیسکی بانکێکدا و
چ لەژێر سێبەری دارێکدا، سادەبین.

ناسینی ڕازی گوڵاڵە سوورە کاری مە نیە
ڕەنگە کاری مە ئەوەبێ
لە ئەفسوونی گوڵی سووردا مەلە بکەین.
لە پشت داناییەوە هەوار هەڵدەین
دەستمان لە بێهۆشیی گەڵایەکدا بشۆینەوەو
بچینە سەر خوان.
بەیانیان، کاتێ خۆر هەڵدێ، لەدایك بین
خرۆشانەکان هەڵفڕێنین
بەسەر ئیدراکی بۆشاییی، ڕەنگ، سەدا و پەنجەرەدا
گڵی شێدار بپرژێنین.
ئاسمان بخەینە نێوان دوو بڕگەی بوونەوە



سییەکان لە ئەبەدیەت پڕ و خاڵی کەینەوە
باری دانایی لە پشتی پەڕەسێلکەکان،
داگرینە سەر عەرد
ناو لە هەور و چنار، لە مێشوولە و هاوین،
وەربگرینەوە.
بە دوای هەنگاوی تەڕی باراندا،
بەرەو بەرزایی خۆشەویستی بڕۆین.
دەرگا لە ڕووی ئینسان و
ڕووناکی و مێرووەکان، واڵاکەین.

ڕەنگە کاری مە ئەوەبێ
لە نێوان گوڵی لاولاو و سەردەما
بە دوای ئاوازی حەقیقەتدا غار بدەین.

(کاشان، گوندی چنار، هاوینی 1962)

## پۆرترێت

لە ئەستێرکی خەونەوە هاتمەوە
گۆزەی تەڕ بەدەستمەوە.
پۆلێ مەل دەیانخوێند
گوڵی لاولاو دەبۆوە.
گۆزەی تەڕم لێشکا
دەرگام لە خۆ پێوەدا
ڕۆنیشتم لە هەیوانێ
هەتا بڕوانمە تۆ..



## سادە ڕەنگ

ئاسمان شینتر،
ئاو، ئاویتر.
من لە هەیوانم ڕەعنا لە سەر حەوز.

ڕەعنا جلان دەشوا
گەڵاڕێزانە.
دایکم بەیانی دەیگوت:
وەرزێکی دڵگیرە
منیش پێمگوت:
ژیان سێوێکە دەبێ بە توێکڵەوە گازی لێگری.

ژنی دراوسێ لە پەنجەرەکەیدا

**تۆڕ دەچنێ و گۆرانی دەڵێ.**
**من "ودا"[34] دەخوێنمەوە، جارجارەش**
**دەکێشم هێڵکاری بەردێ، مریشکێ، هەورێ..**

**هەتاوی یەکڕاست.**
**پەڕەسێلکەکان هاتوون.**
**تازە هێرۆکان بەدیار کەوتوون.**
**منیش هەنارێك دەپروێنم**
**بە دڵ دەبێژم:**
**چابوگەر خەڵکی دەنکی دڵانیان دیاربێ.**
**ئاوی هەنارە، دەپرژێتە چاومەوە:**
**ئەسرین دەرێژم.**
**دایکم پێدەکەنێ**
**ڕەعناش لەگەڵیا!**

[34] ودا، بەمانای زانین و داناییە، "ریگ ودا" کۆنترین سروودە ئارياييەکانی هیندستانە.

## ڕۆشنایی، من، گوڵ، ئاو

نەهەورێ
نەبایێ
لە قەراخ حەوزێ دادەنیشم:
هاتوچۆی ماسیەکان،
ڕوناکی، من، گوڵ، ئاو.
خاوێنیی هێشووی ژیان.

دایکم ڕەیحانە دەچنێ
نان و ڕەیحانە و پەنیر
ئاسمانێکی هەساو
گوڵانی مەخمەڵیی تەڕ
ڕزگاریش نزیکە: لای گوڵەکانی حەوشەوە.



نوور لە قاپی مسدا، چ ناز بارانێ دەکا؟
پەیژە لە دیواری بەرزەوە
سپیدە دەهێنێتە خوار.
لە پشت بزەوە، هەر شتێ نادیار.
دیواری زەمەن،
کلاورۆژنەیەکی هەیە
کە لێوەی ڕووخساری من دیار.
زۆر شت هەیە، نایانزانم
مەعلومە گیایەك هەڵکەنم، دەمرم
ڕووەو بەرزایی دەڕۆم، تا سەرکەل
من پڕ لە باڵ و پەڕم.
لە زولمەتا ڕێدەر دەکەم، پڕ فانۆسم
من پڕ لە نوور و مالامالم لە لم!
پڕیشم لە دار و درەخت.

لە ڕێ پڕم، لە پرد، لە ڕووبار و شەپۆل پڕم
پڕ لە سایەی گەڵای ناو ئاو
دەروونیشم چەندە تەنیا..

## پەیامێك بەڕێوە

ڕۆژێك دێم و
پەیامێك دەهێنم.
ڕوناكی ڕۆدەكەمە نێو دەمارەكانەوە
هاواریش دەكەم: ئەی سەبەتەكانتان لەخەو پڕ!
سێوم هێناوە
سێوە سووری خۆر.
دێم و گوڵێكی یاسەمەن دەدەمە گەدایەك
جوتێك گوارەی دی،
بە ئافرەتێكی جوانی گوڵ دەبەخشم
بە نابینا دەڵێم:چەند پڕ تەماشایە باخ!
دەبمە گەڕۆك، كۆڵانەكان دەگەڕێم، جاڕ دەدەم:
های شەونم ، شەونم ،شەونم.



ڕێبوارێك دەڵێ: بەڕاست، شەوێكی تاریكە
ئەستێرەیەكی كشاوی دەدەمێ
كیژێكی بێ لاق لە سەر پردێكە،
"ورچەگەورە"[35]ی بە گەردندا هەڵدەواسم
چی جوێنی سەر لێوەكانە، دەپێچمەوە
هەرچی دیوارە، لەبنا هەڵیاندەكەنم.
بە چەتەكان دەڵێم:
كاروانیك هات بارەكەی بزە!
هەورەكان لەت و پەت دەكەم.
چاوەكان و خۆر،
دڵەكان و عەشق،
سێبەرەكان و ئاو
لقی دارەكان و با، پێكەوە گرێدەدەم
خەونی منداڵان و

[35] (دب الآكبر)، ورچەگەورە: یەكێكە لە سیما هەسارەییەكانی قوتبی سەرووە و گوایە لە ورچ دەچێ.

دەنگی سیڕسیڕکەرەکان هاوجوت دەکەم.
کۆلارەکان هەڵدەستێنم،
گوڵدانەکان ئاو دەدەم.

دێم و لە بەردەم ئەسپ و مانگاکاندا،
تفاقی سەوزی نەوازش ڕۆدەکەم.
بۆ مایینە تینووەکان، سەتڵێك شەونم دەهێنم
کەرێکی پەککەوتە لە سەر ڕێگایە،
مێشکەکانی لێدەر دەکەم.
دێم و لە سەر هەر دیوارێك، مێخەکەیەك دەڕوێنم
لە داوێنی هەر پەنجەرەیەکدا شیعرێك دەخوێنمەوە
هەر قەلەڕەشکەی سنەوبەرێکی پێدەبەخشم.
بە مار دەڵێم:
چەند شکۆدارە بۆق!
ئاشتی دەبەخشم



ئاشنا دەکەم
بەرێدا دەڕۆم، ڕووناکی دەخۆم
خۆشەویستی دەبەخشمەوە.

## ناونیشان

"مەنزڵی یار لە کوێیە؟"

سپیدە بوو کە سوار پرسی.
ئاسمان ئێستێکی کرد.
ڕێبوارەش تاڵی ئەو تیشکەی بە لێویەوە بوو[36]
بە تاریکی زێخەکانی بەخشی و
بە پەنجە هێمای بۆسپیارێك کرد و گوتی:
بەر لەوەی بەو درەختە بگەیت،
کوچە باخێکە لە خەونی یەزدان سەوزترە
عەشق لە ویدا، هێندەی پەڕەکانی ڕاستگۆیی شینە.
دەڕۆی تاکو بنەوەی ئەو کۆڵانەی

[36] پێدەچێ ئاماژەبێ بە جگەرەکەی سەر لێوی..



لە پشت باڵقییەوە سەر دەردەهێنێ.
پاشان بەرەو گوڵی تەنیایی لادەکەیتەوە
دوو هەنگاو بەر لەوەی بە گوڵە بگەیت:
لە پەنای فوارەی ئەفسانە زەمینییەکانەوە
دەوەستی و
ترسێکی شەففاف داتئەگرێ
لە ڕاستگۆیی مەوجی فەزادا،
گوێت لە خشپەیەك دەبێ
منداڵێ دەبینی،
بە دارکاجێکی بەرزدا چۆتە سەر،
تا لە هێلانەی نوور بێچوو دەربێنێ
تۆش لەو منداڵە دەپرسی،
"مەنزڵی یار لە کوێیە".

## ئـــــاو

ئاو قوڕاو نەکەین:
واپێدەچێ لـە دوورەدەست،
کۆترێ ئاو دەخواتەوە.
یان لـە بێشەڵانێکی دووردا،
پەڕەسێلکەیەك باڵـەکانی دەشوا.
یانژی، لـە ئاواییدا گۆزەیەك پڕ دەبێت.

ئاو قوڕاو نەکەین:
ڕەنگە ئەم ئاوە پاکە بڕواتە بن سپیارێك[37]
تا بیشواتەوە خەمی دڵێك.
ڕەنگە دەستی دەروێشێك

[37] سپیار، سپیدار، دار چنار.



نانێکی ڕەقی پێ تەڕ کات.

ئافرەتێکی جوان هاتە کەنار چەم،
ئاوەکە قوڕاو نەکەین:
ڕوخساری جوان دووجار دەدرەوشێتەوە.

چەند شیرینە ئەم ئاوە!
چەند زولاڵـە ئەم ڕوبارە!
خەڵکی ئەو بنارە چەندە دڵخۆشن!
کانیان تەقیوە، مانگایان پڕشیر بێت
من گوندەکەیانم نەدیوە،
بێگومان لای پەرچەیانەوە شوێن پێی خوا دەبینرێ
لـەوێ، تریفە تارمایی قسە ڕوناك دەکاتەوە
بێگومان لـەو گوندەی سەرێ،
چینی دیوارەکان نزمن.

لەوێ شین، شینە.

خونچەیەك بپشکوێ، خەڵکی ئاوایی دەزانن.

دەبێ چۆن ئاواییەك بێت!

کۆڵانی باخی پڕ بێت لە مۆسیقا.

خەڵکانی گوێ ڕوبار لە ئاو تێدەگەن

قوڕاویان نەکرد،

ئێمەش

ئاوەکە قوڕاو نەکەین.


www.pertwk.com